سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کەبوونەوەی لیژنەی پشتیوانی کەرتی پیشەسازی دەکات



سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە سەرکایەتی کەبوونەوەیەکی تایبەتی کرد بۆ تاوتوێکردنی پشتیوانی کردنی کەرتی پیشەسازی لەعیراق و تیدا چەند تەوەرێکی پەیوەست بەم کەرتە گرنگە خرایەڕوو، بەمەبەستی دەستپێکردنی پاکێجی دووەمی بەیاری پاڵپشتی کردن بەشێوەیەک لەگەڵ ئەولەویەتەکانی پشتیوانی پیشەسازی نیشتمانی لە بەرنامەی حکومەت و ئامانجەکانی هەمەجەرکردنی سەرچاوەکانی داهات و زیادکردنی بڕەهەمی ناوخۆیی و ڕەخساندنی دەرفەت و هەلی کار لەکەرتی تایبەتدا بگونجێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باوێکردووە لەکەبوونەوەکەدا گرنگترین کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم کەرتە تاوتوێکرا لەوانە پاکێجی یەکەمی پاڵپشتی پیشەسازی و میکانیزمی قەرزدان بۆ پڕۆژە پیشەسازیانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە، هەروەها بەیارەکانی ئەنجومەنەکە کە پەیوەستە بەخاوەندارێتی و قەرزدان و دروستکردنی شارە پیشەسازییەکان و هێناردەکردنی بڕەهەم خماڵییەکان.

لە چوارچێوەی ئەو پاڵپشتییەی کە حکومەت پشکێنی پیشەسازی نیشتمانی دەکات و لە میانەی

کۆبوونەوەکەدا باس لەو هەوڵە کرا کە لەلایەن وەزارەتکانەوە بەسەر پیشەسازییەکاندا سەپێنراوە لەگەڵ دەرماڵەی کرێ لە شارە پیشەسازییەکان، ئەمە جگە تاوتوێکردنی پرسی کەمترین ئاستی پێویست بۆ پیشەگرانی وردبینیکاران.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی پەیوەندیداری هاسپارد پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی پیشەسازی، هەروەها ژمارەیەک بەیار درا بەمەبەستی دەزینەوەی چارەسەری خێرا و لەکاتی خێیدا بۆ ئەو بەربەستانەی کە ڕووگرن لەپرسەی پاپشتیکردن.